# مەرج و ڕێنماییە گشتییەکانی پرۆگرامی مەرحەبا – ڕەوەندی سێهەم:

دوا وادە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری : ٢٢/١٢/٢٠١٦-٧/٢/٢٠١٧

**1- دەربارەی پرۆگرامەکە:**

مەرحەبا پڕۆژەیەکە دەکەوێتە چوارچێوەی کاری پڕۆگرامەکانی ( Mundus Erasmus)ئامانجی پڕۆگرامەکە بۆ بەهێزکردن وباشترتکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ئەوروپاو وولاتانی ئێران، عێراق و یەمەن لەبواری خوێندنی باڵادا، لەڕێگەی ئەم پڕۆگرامەوە دەتوانرێت ئاڵوگۆڕی خوێندکارستافی زانکۆکان ئەنجام بدرێت لە نێوان زانکۆ بەشداربووەکاندا. ڕاگەیاندنی ئەمجارەی پرۆگرامەکە خۆی دەبینێتەوە لەئاڵوگۆڕی خوێندکاران و ستافی زانکۆکان لە وولاتانی ئەوروپاوە بۆ ئێران و عێراق، و لە ئێران و عێراق و یەمەنەوە بۆ وولاتانی ئەوروپا.

ئاڵوگۆڕەکە ٤ چوار بوار لەخۆ دەگرێت بە پشتبەستن بە ئاسی بڕوانامە و خوێندنی بەشداربوانی پڕۆگرامەکە:

- بەکالۆریۆس
- ماستەر
- دکتۆرا
- پۆست-دکتۆرا

پرۆژەکە سەرجەم خەرجیەکانی وەک تیچووی گەشت و خوێندن لە ئەستۆدەگرێت بەبێی بواری خوێندنی ئەو بەشداربوانەی هەڵدەبژێردرێن،سەرەڕای ئەوەی خەرجی مانگانەش دابین دەکات بۆ بەشداربوەکان لەماوەی مانەوەیان لە دەرەوەی وولات.

- بۆ خوێندکارانی بەکالۆریۆس یان ماستەر ١٠٠٠ €
- بۆ خوێندکارانی دکتۆرا ١٥٠٠€

- بۆ خوێندكارانی پۆست-دكتۆرا ١٨٠٠ €

داواكاران پێویستە مەرج و ڕێنماییە سەرەكییەكان بەوردی بخوێننەوە بەرلەوەی داواكاری پێشكەش بكەن.

**2- مەرجە گشتییەكانی پێشكەشكردن:**

بۆ پێشكەشكردنی داواكاری بۆ پرۆژەی مەرحەبا، پاڵێوراوان دەبێت ئەم مەرجانەی لای خوارەوەیان تێدابێت:

- پێویستە داواكار هەڵگری ڕەگەزنامەی یەكێك لەووڵاتە ئەوروپییەكان بێت یان ناسنامەی ئەو وولاتانەی هەبێت كە شیاون بۆ بەشداریكردن لەپرۆگرامەكەدا.
- دەبێت زانیاری تەواویان هەبێت لەسەر زمانی بەكارهاتوو لەو زانكۆیەی داواكاری پێشكەش دەكەن، تەنیا بڕوانامە رەمسییەكان قبوڵ دەكرێن وەكو بەڵگەنامە بۆ پشت ڕاستكردنەوەی زانیارییەكان.
- سەبارەت بەو كاندیدانەی لەووڵاتە ئەوروپییەكان نین: دەرفەت نادرێت بەو كەسانەی كە زیاتر لە ١٢مانگ خوێندن و كارەكانیان لەوڵاتێكی ئەوروپی بەسەربردووە لە ماوەی (٥) ساڵی ڕابردوودا ، ئەم یاسایە بەشداربوانی گروپی (٣) ناگرێتەوە.
- **پاڵێوراوانی خوێندنی بەكالۆریۆس**: پێویستە النیكەم ساڵێكی خوێندنیان تەواوكردبێت لەزانكۆكەی خۆیان.
- **پاڵێوراوانی خوێندنی ماستەر**: پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس بن.
- **پاڵێوراوانی خوێندنی دكتۆرا**: پێویستە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بن.
- **پاڵێوراوانی خوێندنی پۆست-دكتۆرا**: ئەم كاندیدانە پێویستە پەیوەندی بەسەرپەرشتیارەكانیانەوە بكەن لەو زانكۆیانەی كە دەیانەوێت تێیدا توێژینەوەكانیان ئەنجامبدەن بۆئەوەی نامەی ڕەزامەندی پێشرت وەربگرن. لەهەندێك لەزانكۆكان وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوو لەسەرپەرشتیار بۆ خوێندنی دكتۆرا یان پۆست-دكتۆرا بەمەرجی پێشوەخت لەبەرچاودەگرییێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەو زانكۆیەی كە دەتەوێت درێژە بەخوێندن بدەی.

## ٣- گروپەكان:

**پرۆژەی مەرحەبا ڕێگە بەو بەشداربووانە دەدات كە سەر بەو(٣) گروپانەی لای خوارەوەن:**

**گروپی یەكەم** TG1 : بۆ خەڵكی ئەو ووڵاتانەی كە لەپێشربِكێكەدا هەڵبژێردراون لەیەكێك لەو زانكۆیانەی كە لەپرۆژە هاوبەشەكەدا تۆماركراون و سەر بەكۆمەڵەكەن.

**گروپی دووەم** TG2 : ناردنی كاندیدەكان لەئەوروپاوە بۆ عێراق و ئێران و یەمەن دەبێت، و بەپێچەوانەشەوە لە ئێران و عێراق و یەمەن بەرەو ئەوروپا، داواكارانی ئەم گروپە دەبێت هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بن و یان بڕوانامە ئەوروپییەكانیان هاوتاكرابێت،ووڵاتانی عێراق و

ئێران و یەمەن بەشدارننی لەم هاوبەشی پێكردنەدا.

**گرووپی سێیەم** TG3 : تەنها کاندیدە عێراقی و ئێرانی و یەمەنیەکان دەتوانن بۆ ئەم گرووپە داواکاری پێشکەش بکەن. نەتەوەکانی دەرەوەی وڵتە ئەورووپییەکان، کە شیاون بۆ بەشداریکردن لەگرووپەکەدا، بۆ ئەو کاندیدانەی کە لەبارودوخێکی هەستیاردان لەبەرهۆکاری سیاسی و کۆمەڵیەتی بەبەڵگەی باوەڕپێکراو کە لەپاڵێوراوەکان داواکراوە.

بەپشتبەستن بەناسنامەی بەشداربووان، پاڵێوراوان دەتوانن تەنیا داواکاری پێشکەش بکەن بۆ گرووپی تایبەت بەخۆیان بەجۆرێك:

- کاندیدانیووڵاتە ئەورووپییەکان ناتوانن داواکاری پێشکەشبکەن بۆ گرووپی ئاماجنی ٣ TG3
- کاندیدانی ووڵاتی یەمەن ناتوانن داواکاری پێشکەشبکەن بۆ گرووپی ئاماجنی ١ TG1

**٤ـ دەرفەتەکانی خوێندن:**

دەتوانی لەم خشتانەی لای خوارەوە سەیری هەریەکە لە ژمارەو ماوەی دەرفەتەکانی خوێندن بکەی.

| ACADEMIC LEVEL | Grants in TG1 | Months of grant | Grants in TG2 | Months of grant | TOTAL |
|---|---|---|---|---|---|
| **Undergraduate** | 1 | 6 | 0 | 0 | **1** |
| **Master** | 6 | 6 | 1 | 6 | **7** |
| **Doctorate** | 8 | 6 | 1 | 6 | **9** |
| **Post-doctorate** | 0 | 0 | 1 | 6 | **1** |
| **TOTAL** | 15 | | 3 | | **18** |

| TARGET GROUP 1 MOBILITY FROM IRAN AND IRAQ TO EU | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **ACADEMIC LEVEL** | **Grants from Iran** | **Months of grant** | **Grants from Iraq** | **Months of grant** | **TOTAL** |
| **Undergraduate** | 2 | 6 | 3 | 6 | **5** |
| **Undergraduate** | 4 | 10 | 1 | 10 | **5** |
| **Master** | 2 | 10 | 1 | 10 | **3** |
| **Doctorate** | 1 | 6 | 1 | 6 | **2** |
| **Post-doctorate** | 1 | 6 | 1 | 6 | **2** |
| **TOTAL** | **10** | | **7** | | **17** |

| TARGET GROUP 2 AND 3 MOBILITY FROM IRAN, IRAQ AND YEMEN | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **ACADEMIC LEVEL** | **Grants in TG2** | **Months of grant** | **Grants in TG3** | **Months of grant** | **TOTAL** |
| **Doctorate** | 1 | 10 | 1 | 10 | 2 |
| **TOTAL** | 1 | | 1 | | **2** |

**٥- بەڵگەنامە داواکراوەکان:**

پاڵێوراوان پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە بنێرن لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکەدا بەپێی ئەو ئاستەی کە تێیدا دەخوێنن:

**بۆ پاڵێوراوانی خوێندنی بەکالۆریۆس:**

- وێنەیەك لەپاسپۆرت
- سی ڤی کەسی بەشێوەی (Eurpass- CV European)
- بڕوانامەی زمان
- نامەی هاندان لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت
- بڕوانامەی بەنمرەی قۆناغی بەکالۆریۆس

ناوی تەواوی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بەکالۆریۆس کە تۆ دەتەوێت لەو زانکۆیە بیخوێنیت کە بۆیدەچیت، تکایە سەیری ئەو دەرفەتانە بکە کە لەلایەن زانکۆکانەوە بەخشراون بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس بۆئەوەی تەواوی زانیارییەکانت بەشێوەیەکی دروست داخلبکرێت. هەر داخوازینامەیەك بەبێ هەبوونی ئەم زانرییانە راسەوخۆ پوچەڵدەکرێتەوە.

- بەڵگەی ئەوەی کە تۆ لە (TG1) یان پشتگیری زانکۆ (دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و چاپەمەنیەکان بکەن بۆ دروستکردنی نامەی پشتگیری)

**پاڵێوراوانی خوێندنی ماستەر:**

- کۆپی پاسپۆرت
- سیڤی بەشێوەی (Eurpass- CV European)
- بڕوانامەی زمان
- نامەی هاندان لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس ئەگەر داواکار لەکاتی پێشکەشکردن بڕوانامەکەی پێنەبەخشرابوو دەتوانێت نامەیەکی پشتگریی لەلایەن زانکۆکەی خۆیەوە بنێرێت کە تێیدا ئاماژە بەوەبکرێت کە خوێندکاری ئەو زانکۆیەیەو بڕوانامەکەی پێیدەدرێت تا بەرواری ٢٠١٧/٧/١
- نمرەی قۆناغی بەکالۆریۆس.
- نمرەی قۆناغی ماستەر ئەگەر هەبێت.
- ناوی تەواوی ئەو پرۆگرامەی کە دەتەوێت بیخوێنیت لەو زانکۆیەی کە بۆیدەچیت ، تکایە سەیری ئەوئۆفەرانە بکە کە لەلایەن زانکۆکانەوە بەخشراون بۆئەوەی تەواوی زانیارییەکان بەردەستبێت، هەر داخوازینامەیەك بەبێ هەبوونی ئەم زانیارییانە ڕاستەوخۆ پوچەڵدەکرێتەوە.
- بەشداربوو دەبێ بیسەملێنێت کە دەکەوێتە گروپی TG1 یان پشتگیری زانکۆ (دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و چاپەمەنیەکان بکەن بۆ دروستکردنی نامەی پشتگیری)

- بەڵگەی TG 3 (ئەگەر هەبێت)

**پاڵێوراوانی خوێندنی دکتۆرا**

- کۆپی پاسپۆرت
- سیڤی بەشێوەی (Eurpass- CV European)
- بڕوانامەی زمان
- نامەی هاندان لە ٢ پەڕ زیاتر نەبێت
- بڕوانامەی ماستەر ئەگەر داواکار لەکاتی پێشکەشکردن بڕوانامەکەی بۆ دەرنەکرابوو دەتوانێت نامەیەکی پشتگریی لەلایەن زانکۆکەی خۆیەوە بنێرێت کەتێیدا ئاماژە بەوەبکرێت کە خوێندکاری ئەوزانکۆیەیەو بڕوانامەکەی پێ دەدرێت لەبەرواری ٢٠١٧/٧/١.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە نمرە
- بڕوانامەی ماستەر
- بڕوانامەی ماستەر بە نمرە
- شێوازی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی بەناونیشان و پوختەیەکی ٢پەڕە دەربارەی توێژینەوەکەی
- نامەیەکی وەرگریانی پێشوەختە لەو زانکۆیەی دەتەوێت تێیدا خبوێنیت مەرجە هەبێت.
- بەشداربوو دەبێ بیسەملێنێت کە دەکەوێتە گروپی TG1 یان پشتگیری زانکۆ (دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و چاپەمەنیەکان بکەن بۆ دروستکردنی نامەی پشتگیری)
- بەشداربوو دەبێ بیسەملێنێت کە دەکەوێتە گروپی سێیەمەوەTG3

**پاڵێواراوانی خوێندنی پۆست-دکتۆرا**

- کۆپی پاسپۆرت
- سیڤی بەشێوەی (Eurpass- CV European)
- بڕوانامەی زمان
- نامەی هاندان لە ٢ پەڕ زیاتر نەبێت
- بڕوانامەی دکتۆرا
- پوختەیەك دەربارەی توێژینەوەکە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت.
- شێوازی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی بەناونیشان و پوختەیەکی ٢ لاپەڕەیی دەربارەی توێژینەوەکەی.
- نامەیەکی وەرگریانی پێشوەختە لەو زانکۆیەی دەتەوێت تێیدا خبوێنیت (مەرجە هەبێت.)
- بەشداربوو دەبێ بیسەملێنێت کە دەکەوێتە گروپی TG1 یان پشتگیری زانکۆ (دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و چاپەمەنیەکان بکەن بۆ دروستکردنی نامەی پشتگیری)
- بەشداربوو دەبێ بیسەملێنێت کە دەکەوێتە گروپی سێیەمەوەTG3

**٦- پرۆسەی هەڵبژاردن:**

**قۆناغی 1** : پشکنین بۆ مەرجەکانی بەشداریکردن:

ئەم پرۆسەیە لەلایەن زانکۆ هاوبەشەکانەوە ئەنجامدەدرێت ، بەشداربووانی گروپی یەکەم هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت لەلایەن زانکۆکانی خۆیانەوە، بەشداربوانی گروپی دووەم هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت لەلایەن سەرپەرشتیاری توێژینەوەکانیان، دواتر نوێنەرەکانیان ئاگاداردەکرێنەوە لەئێران و عێراق.

**قۆناغی ٧ :پرۆسەی پێش هەڵبژاردن لەلایەن زانکۆی وەرگر:**

هەموو زانکۆ هاوبەشەکان لیژنەیەکی هەڵبژاردنی پێشوەختیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی سەرجەم پاڵێوراوانی زانکۆکان.

لەئەنجامدا لیستی پاڵێوراوەکان دەردەکرێت بەپێی ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنی پێشوەخت کە لەکۆتاییدا ئاماژەی پێکراوە.

**قۆناغی ٣** : هەڵبژاردنی کۆتایی

لیژنەی هەڵبژاردن کە پێکهاتووە لەنوێنەری زانکۆکان، دوو نوێنەر لە زانکۆ ئەوروپییەکان، دوو نوێنەر لەزانکۆکانی دەرەوەی یەکێیت

ئەوروویا، دواتر بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی تایبەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن پالێوراوەکان هەڵدەبژێردرێن.

**قۆناغی ٢** :ئاگادارکردنەوەی هەڵبژاردن:

هەموو پالێوراوە هەڵبژێردراوەکان لەماوەی یەك هەفتەدا ئاگاداردەکرێنەوە بەهەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردن لەڕێگەی ئیمەیڵەکانیانەوە.

**قۆناغی ٢** :بانگهێشتنامەو ڕێوشوێنەکانی وەرگرتین ڤیزا:

بەشداربووانی سودمەندبوو بانگهێشتنامەیان بەدەستدەگات لەلایەن زانکۆ وەرگرەکانەوە بۆئەوەی دەستبکەن بەتەواوکردنی ڕێکارەیاسییەکانی وەرگرتین ڤیزا، ئەوە ئەرکی پالێوراوەکانە کە سەرجەم بەڵگەنامەکان ئامادەبکەن کە داوایان لێدەکرێت لەلایەن کونسوڵخانە و بالوێزەکان لەوێلتەکانیان. بۆ ئەم مەبەستە لەوانەیە هاوکارەکانی زانکۆ وەرگرەکان لەناوخۆی وێلتەکەدا بتوانن یارمەتیان بدەن.

**٧- ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنی پێشووەخت:**

هەڵبژاردنی پێشووەخت بەپێی ئەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە بەڕێوەدەچێت:

- تۆماری زانستی (٥٥) خاڵ
- زمانزانی و ئاستی بڕوانامەی زمان (٣٠) خاڵ
- بوار و پەیوەندی گونجان بە پرۆگرامەکەوە (١٠) خاڵ
- نامەی هاندان (٥) خاڵ

- سەرجەم (١٠٠) خاڵ

لیژنەی هەڵبژاردن ڕەزامەندی نیشاندەدات لەسەر لیستی کۆتایی پاڵێوراوان بەپێی ئاستی ئەو ڕیزبەندیەی کە لەقۆناغی هەڵبژاردنی پێشووەختدا دیاریکراوە. ئەگەر هاتوو چەند بەشداربوویەك ئاستی ڕیزبەندییەکەیان هاوتابوو، **ئەوا ئەم خاڵانەی لای خوارەوە ڕەچاودەکرێن بۆ هەڵبژاردنی شیاوترینیان.**

- ڕەگەز
- بێبەش بوون بە هۆی کەمدەرامەتی و کەمتوانایەوە بە هەر هۆیەک بێت
- شوێنی نیشتەجێبوون
- لێهاتووی زمان
- تا چەند پرۆژەکە کاریگەرە ( بەتایبەت بۆ خوێندکارانی دکتۆرا و پۆست-دکتورا.)

**٨- ئەو هۆکارانەی وادەکات بەشداربوو لەپرۆژەکە بێبەشبکرێت:**

ئەو کاندیدانەی کە ڕێنماییە گشتیەکانیان تێدا نییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەپرۆژەکە بێبەشدەکرێن. واتە ئەو بەشداربووانەی کە بەڵگەنامە پێویستەکانی تایبەت بەبوارەکەی خۆیان نانێرن یان داواکارییەکانیان لەڕێی گروپەکانی تایبەت بەخۆیانەوە نابێت، ڕاستەوخۆلەپرۆژەکە بێبەشدەکرێن.هەر زانکۆیەکی میواندار مافی تایبەت بەخۆی هەیە کە داواکاری پاڵێوراوەکان ڕەتبکاتەوە لەکاتی نەبوونی مەرجە سەرەکییەکانی خوێندن لەزانکۆکەدا تایبەت بەبواری پاڵیوراوەکان بەپێی ئەم خاڵنەی لای خوارەوە.

- بەرنامەی خوێندنی تایبەت بەو بوارە لەزانکۆکەدا نەبێت.
- نزمی ئاستی پرۆگرامی خوێندن.
- نەبوونی هاوکاری لەنێوان هەردوو زانکۆکەدا کە شیاوی پێدانی بڕوانامەکە نەبن.
- نزمی ئاستی زمان.

**ئەم کاندیدانەش لەپرۆژەکە بێبەشدەکرێن ئەگەر هاتوو:**

- داواکاری پێشکەشبکەن بۆ ئاستێکی خوێندن کە پێشووتر لەهەمان بوار تەواویکردووە.
- ئەگەر داواکاری پێشکەش بکەن بۆ ئاستێکی جیاواز لەبوارەکەی خۆیاندا.
- ئەگەر بەشداربوو ناوی بەرنامەی خوێندنەکەی نەنوسێت کە دەیەوێت لەزانکۆی میواندار بیخوێنیت

**خشتەی کاری پرۆژەکە:**

بەرواری ڕاگەیاندنی پرۆژەکە : ٢٠١٦/١٢/٢٢

دوامۆڵەت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری : ٢٠١٧/٢/٧

هەڵبژاردنی پێشوەختی پاڵێوراوان مانگی ٢-٤ /٢٠١٧

کۆبوونەوەی لیژنەی هەڵبژاردن مانگی ٢٠١٧/٥

بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان مانگی ٥/٢٠١٧

ناردنی بانگهێشتنامە بۆ سوودمەندبووان مانگی٥/٢٠١٧

داواکاری ڤیزا مانگی ٥-٢٠١٧/٨

دەستپێکردنی خوێندن مانگی ٩ /٢٠١٧

کۆتایی پڕۆژەکە ٢٠١٨/٧/١٤

---

**ژووری ڕێکخەری پرۆگرامی ئیراسمۆس مەندۆس مەرحەبا**

**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و ڕاگەیاندن و چاپەمەنیەکان**

**زانکۆی ڕاپەڕین**

2017